مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد / ١٦ / العدد ٣

# العبارات الصحيحة وأنواعها في اللغة الكردية

كەژاڵ محمد قادر
جامعة گەرميان / كلية التربية الاساسية
Kazhal.mohammed@garmian.edu.krd

أ.د. دارا حميد محمد
جامعة گەرميان / كلية التربية الاساسية
Dara.hamid@garmian.edu.krd

الكلمات المفتاحية: الجملة ، العبارة، رأس، المكونات، المعجم.

**كيفية اقتباس البحث**
قادر , كـەژاڵ محمد , محمد, دارا حميد , العبارات الصحيحة وأنواعها في اللغة الكردية,مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، آذار ٢٠٢٦, المجلد:١٦ ,العدد:٣.

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

مفهرسة في Indexed
IASJ

مسجلة في Registered
ROAD

# The correct phrases and their types in the Kurdish language

Kajal Mohammed Qadir
Garmian University / Faculty of Basic Education
Kazhal.mohammed@garmian.edu.krd

D. Dara Hamid Mohammed
Garmian University / Faculty of Basic Education
Dara.hamid@garmian.edu.krd

**Keywords** : Sentence, Phrase, Head, Complement, Lexicon.

**How To Cite This Article**
Qadir ,Kajal Mohammed ,Mohammed ,Dara Hamid ,The correct phrases and their types in the Kurdish language ,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, March 2026,Volume:16,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

Abstract
The phrase is a syntactic unit; it is a constituent that may consist of a single word or more than one word, governed by a head. The head constitutes the foundation of the phrase and rules its complements. In traditional Kurdish linguistics, terms such as clause, expression, and short sentences have been used as equivalents to "phrase." The dependents of the phrase, whether obligatory or optional, serve as complements to the phrase and are linked to it either directly or indirectly.
Phrases possess a structure formed by their constituent elements. The type of phrase determines and selects its complements. In Kurdish linguistics, perspectives regarding the phrase and its types vary. The classification of phrases regarding sentence structure consists of two main types: the Noun Phrase and the Verb Phrase (Predicate). While these two types are obligatory within the sentence structure, several other types of

phrases have been identified in the Kurdish language, which this study addresses in two parts. These include the Adjectival Phrase, Degree Phrase, Prepositional Phrase, Adverbial Phrase, Determiner Phrase, and Defining Phrase.
Phrases are intermediate projections. The heads of phrases are either lexical or—as in the case of Determiner Phrases—functional. Thus, phrases can be classified based on their heads: lexical-headed phrases (such as Noun Phrases and Verb Phrases) and functional-headed phrases (such as Determiner Phrases).

الملخص

العبارة وحدةٌ نحوية؛ وهي بنية يُمكن أن تتكون من كلمةٍ واحدة أو أكثر من كلمة، تحكُمها رأس العبارة . تعد رأس العبارة اساس العبارة ويختار يتحكم بالادوات ومكونات العبارة، ففي الدراسات اللغوية القديمة عند الكُرد أستُعمِلتْ ( گرێ (العقدة)، دەستەواژە(العبارة)، كورتيله ڕسته «شبه الجملة») مرادفاً للعبارة.
الادوات و الموكونات الإجبارية أو الطوعية تكون المُكمل للعبارة بشكل مباشر أو غير مباشر ويرافق العباره. العبارات ذوات البنية والتي تتكون من الأدوات المؤسِسة للعبارة. الأماكن أو المواقع يحددها و يختارها نوع العبارة. في العلم اللغة الكُردية تختلف الآراء حول العبارة وأنواعها، وإن تصنيف العبارة المتعلقة برأس العبارة نوعين أساسيين هما: العبارة الاسمية والعبارة الفعلية( الخبرية) وهذين النوعين من العبارة في قالب الجملة يكون إجبارية، وهناك الكثير من أنواع العبارات تم تحديدها في اللغة الكُردية، والذي يشير إليها هذا البحث منها منها : العبارات الوصفية، عبارة الكم، عبارة الجرّ، العبارة الظرفية، عبارة المضاف إليه، عبارة التعريف.
العبارات مراكز المشروع ، والرأس تكون كلمة معجمية او في العبارات المضاف إليه تكون راس العبارات وظيفية، أي أننا نستطيع تصنيف العبارات على أساس رأس العبارات ، العبارات ذوات الرؤوس المعجمية مثل العبارة الأسمية والعبارة الفعلية.. العبارات ذوات الرؤوس الوظيفية كعبارات المضاف أليه.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦/ العدد ٣

# دروسته و جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردیدا

کەژاڵ محەمەد قادر
زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
Kazhal.mohammed@garmian.edu.krd

پ.د. دارا حەمید محەمەد
زانکۆی گەرمیان / کۆلێجی پەروەردە
Dara.hamid@garmian.edu.krd

پوختە
فرێز یەکەیەکی سینتاکسییە، پێکهاتەیەکە دەکرێت لە تەنها وشەیەك پێکبێت یان لە وشەیەك زیاتر و سەرە حوکمیان دەکات، سەرە بناغەی فرێز پێکدەهێنێت و دەسەڵاتی بەسەر جێکەوتەکانیدا دەشکێتەوە، لە زمانەوانی دێرینی کوردییدا (گرێ، دەستەواژە، کورتیلە ڕستە ...)بەرانبەر بە فرێز بەکارهاتوون، جێکەوتەکانی فرێز بەخورتییەکان یان بە ئارەزووییەکان دەبنە تەواوکەری فرێز و بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بە فرێزەکەوە بەندن.
فرێزەکان خاوەنی دروستەن، کە لە کەرەستە پێکهێنەرەکانی فرێز پێکدێت، جۆری فرێزیش جێکەوتەکان دیاریدەکات و هەڵیاندەبژێرێت، لە زمانەوانی کوردیدا بۆچوونەکان هەمبەر فرێز و جۆرەکانی جیاوازن، پۆلێنکردنی فرێز پەیوەست بە دروستەی ڕستە دوو جۆری سەرەکیین فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی یان بەشەکردار(پریدیکات). ئەو دووجۆرەی فرێز لە قاڵبی ڕستەدا بەخورتین، بەڵام چەندین جۆریتری فرێز لە زمانی کوردیدا دیاریکراون، کە ئەم توێژینەوە لە دوو بەشدا ئاماژەیان بۆدەکات، وەك فرێزی ئاوەڵناویی ، فرێزی ڕادە، فرێزی بەند، فرێزی ئاوەڵکاریی، فرێزی دیارخەریی، فرێزی دیاریکار.
فرێزەکان پرۆژەی ناوەندیین و سەرەی فرێزەکان فەرهەنگین یان فرێزی دیارخەریین و سەرەی فرێزەکان ئەرکیین، واتە دەتوانرێت پۆلێنکردنی فرێز لەسەربنەمای سەرەکان بێت. فرێزە سەرە فەرهەنگییەکان وەك فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی ...فرێزە سەرە ئەرکییەکان وەك فرێزی دیارخەریی.

کلیلە وشەکان : ڕستە، فرێز، سەرە، جێکەوتە، فەرهەنگ.

## پێشەکی

١- ناونیشانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە بە ناونیشانی(دروستە و جۆرەکانی فرێز لە زمانی کوردیدا)یە، بەو پێیەش توێژینەوەکە پێکهاتە و جۆرەکانی فرێز دەکاتە کەرەستەی لێکۆڵینەوەکانی.

٢- گرفتی توێژینەوەکە

فرێز یەکێکە لەو بابەتانەی مشتومڕی زۆری لەبارەوەکراوە، چ لەڕووی ناوەوە کە چەند ناوێکی لە زمانەوانی کوردیدا هەیە، چ وەك پێکهاتە و جۆرەکان، چونکە

زمانەوانی کورد لەسەر جۆرەکانی فریز تەبا نین، ئەمەش گرفتێکە لە زمانەوانی کوردیدا، کە ئەم توێژینەوە هەوڵی چارەسەری داوە.

٣- میتۆدی توێژینەوەکە

بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە میتۆدی پەسنی شیکاریی پێڕەوکراوە، تیۆریی پەسندکراو بۆ توێژینەوەکە تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە( GB )یە.

٤- گرنگی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە هەوڵدەدات گرفتی جۆرەکانی فریز لە زمانی کوردیدا چارەسەر بکات، واتە پۆلێنکردنی فریز، چونکە زمانەوان بۆچوونی جیاوازیان هەمبەر جۆرەکانی فریز و پۆلێنکردنی فریز هەیە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ گرتنی کەلێنێك و چارەسەرکردنی گرفتێکی زمانەوانی کوردی.

٥- گریمانەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە گریمانەی ئەوە دەکات، کە سەرباری بوونی ڕای جیاواز سەبارەت بە جۆرەکانی فریز، بەڵام دەکرێت پۆلێنکردنی فریز بەپێی تیۆریی دەسەڵات و بەستنەوە مۆدیلی( ئێکس بار)گونجاوترین بێت، چونکە بەپێی X- فریز بۆ دووجۆری سەرەکی فریزی فەرهەنگیی پۆلێندەکرێت، کە سەرەی فریز کەتیگۆرییەکی فەرهەنگییە و فریزی ئەرکیی، کە سەری فریز مۆرفیمێکی ئەرکییە.

٦- پرسیارەکانی توێژینەوەکە

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

١- مەبەست لە فریز چییە؟

٢- دروستەی فریز چییە؟

٣- جۆرەکانی فریز چین؟

٧- پەیکەری توێژینەوەکە

توێژینەوەکە لە پێشەکییەك و دوو بەش و ئەنجامەکان پێکدێت بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم: سەرەتاو بەراییەکانی فریز و چەمکی فریز و پۆلێنکردنی فریز لەخۆدەگرێت.

بەشی دووەم: بابەتەکانی جۆرەکانی فریز وەك فریزی ناوی، فریزی کرداری، واتە فریزە فەرهەنگییەکان و بەشێك لە فریزە ئەرکییەکان دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان خراونەتەڕوو، ئینجا ئاماژە بە سەرچاوەکان کراوە لەگەڵ خستنەڕووی پوختەیەکی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی.

بەشی یەکەم : بەراییەکانی فریز

١- ١- فریز بەپێی تێڕوانینە جیاوازەکان

لە کۆن و نوێدا بە بۆچوونی جیاواز چەندین پێناسەی فریز کراوە، لێرەدا هەوڵدەدەین هەندێك لەو پێناسانە بخەینەڕوو:

فریز دەستە کەلیمەیێکە تەواوکراو بێ و لێکدراو بێ، کە باسێکیان تیا نەبێ وە بەیەکەوە کاری یەکێ لە پارچەکانی قسە ببینن.(توفیق وەهبی، ١٩٢٩: ٩٥)، واتە

فرێـز کـۆمەڵە وشـەیەکی پەیوەندیدارە، کـاری لەگەڵـدا نییـە. یـاخود فرێـز کـۆمەڵە یـان زنجیـرە وشـەیێکی لێکـدراوە، نە فرمـانی تێـدایە و نە مەعنـاییێکی تەواو دەبەخشـن( نەسرین فەخـری، ٢٠٠٢: ١١ )،هەروەهـا بە وشـەیەك یـان زیـاتر فرێـز پێکدێت( وریـا عـومەر ئەمـین، ٢٠٠٩: ١٩٨ )، فرێـز بەو یەکە سینتاکسـییە دەگوترێـت کە لە کەرەسـەیەك، یـان لە کەرەسـەیەکی سەرەکی(سـەرە) و هەمـوو ئەو کەرەسـانەی کە ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ ( دیـارخەر ) بەنـدن پێـوەی، یـان لە ژێـر دەسـەڵاتیانن پێکـدێت و لە ڕسـتەدا ئەرکێـك دەبینێت.(سـاجیدە عەبـدوڵڵا فەرهـادی، ٢٠١٣: ١٠)، زاراوەی فرێـز لە شـیکاری ڕێزمـانـدا بەکاردێـت و بەشـێوەیەکی گشـتی زیـاتر لەیەك وشـەی تێـدایە، بەڵام لە یاسـا تایبەتییەکـانی فرێـزدا، پەیـڕەوی دروسـتەی ( بـکەر _ پریدیکات ) ناکات( David Crystal, 2008: 367 )، فرێـز پێکهـاتەیەکی سـەرەکیی سینتاکسە.

ئەگەر لە پێناسـەکان وردبینـەوە هەنـدێك کەموکـورتی تیـایە، وەکـو ئەو بۆچـوونەی، کە دەڵێـت: فرێـز نابێـت کـاری لە گەڵـدا بێـت، بەڵام لە ڕاسـتیدا یەکێـك لە جۆرەکـانی فرێـز، فرێـزی کـارییە، بۆچـوونێکی تـر، دەڵێـت: فرێـز واتـا نابەخشـێت، بەڵام فرێـز دەتوانێـت واتـا ببەخشـێت، هەروەهـا دەکرێـت فرێـز لە دوو وشـە پێکهاتبێـت، هەرچەنـدە چۆمسـکی پێیـوایە فرێـز دەشـێت لە وشـەیەك زیـاتر پێکهاتبێـت، هەروەهـا ئامـاژە بەوەش دەدات، کە سـادەترین ڕسـتە لە زمانـدا لە دوو بەش پێکـدێت، ئەویـش فرێـزی نـاوی و فرێزی کارییە.

بەڵام لەنـاو پێناسـەکاندا پەسـەندترین بۆچـوون، کە تـا ئێسـتا گونجـاو و کەموکـورتی کەم بێـت ئەوەیە، کە دەڵێـت: بە وشـەیەك یـان زیـاتر فرێـز پێکـدێت. هەروەهـا فرێـز بەو یەکە سینتاکسـییە دەگوترێـت کە لە کەرەسـەیەك، یـان لە کەرەسـەیەکی سەرەکی(سـەرە) و هەمـوو ئەو کەرەسـانەی کە ڕاسـتەوخۆ، یـان ناڕاسـتەوخۆ ( دیـارخەر ) بەنـدن پێوەی، یان لە ژێر دەسەڵاتیانن پێکدێت و لە ڕستەدا ئەرکێك دەبینێت.

**١-٢- دروستەی فرێز Phrase Structure**

دروسـتەی فرێـز ڕێگـایەکە بـۆ دەسـتەبەرکردنی پەیوەنـدییە پێکهێنەرەکـانی ڕسـتە، فرێزەکـان لە یەك یـان چەنـد پێکهێنەرێـك پێکـدێت ( Vivan Cook and Mark Newson, 2010: 133-134)، بەڵام لە بنەڕەتـدا ڕسـتە لە دوو وەچەپێکهـاتە پێکدێت، کە وەچەپێکهاتەکـانی بەشـی بکەریـی و بەشـەکردارییـن(عەبدولجەبار مسـتەفا مەعـروف، ٢٠١٠: ١١)، واتە سـادەترین ڕسـتە لە دوو فرێـز پێکـدێت(وریا عـومەر ئەمـین، ٢٠٠٩: ١٩٩) : ١ - **فرێزی ناوی ب- فرێزی کرداری**



هەبوونی ئەو دوو بەشە لەناو دروستەی ڕستەدا بەخورتییە، بەو واتاییەی فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی لەو وەچەپێکهاتانە نین، کە بتوانرێت لاببرێت، وەکو نموونەی ( ١- ا)، هەرچەندە شێوەزاری سلێمانی پێچەوانەی ئەم ڕاستییە، چونکە یەکێکە لە زمانە بکەرخراوەکان، کە دەتوانرێت فۆنەتیکیانە بکەر دەرنەبڕدرێت، لەو کاتەدا نوێنەری بکەرەکە، کە جێناوێکی دەرنەبڕدراوە، لە جێکەوتەی فرێزی ناویی بکەردایە، وەکو نموونەی (١- ب).

١-ا ئایان خەوت Ø .

NP VP

١-ب- خەوت Ø .

بۆ ئەوەی چەند وشە و مۆرفیمێك وەك وەچە پێکهاتە بناسرێتەوە و دەستنیشانبکرێت، پێویستە تایبەتمەندی ناو ئەم بۆچوونانەی خوارەوەی تیادا بێت :

فرێزەکان یەکەیەکی سینتاکسین خاڵی پێکگەیشتنی یاخود ناوەندی گەیاندنی وشەکانە بە ڕستەکان و بە پێکهاتەی بنەڕەتی ڕستەکان دانراون (شیلان عومەر حسەین، ٢٠١١: ٢٨)، کەوتنە دروستەی فرێز پێکهێنی ناوەند یاخود خاڵی پێکگەیشتنی نێوان وشە و ڕستەیە و بە پێکهاتەی بنەڕەتی ڕستەکان دانراون. بە شێوەیەکی گشتی سێ جۆر دروستە هەیە :

دروستەی ڕستە — پێکهێنی بەرز

↓

دروستەی فرێز — پێکهێنی ناوەند

↓

دروستەی وشە — پێکهێنی نزم

لە ڕستەی <ئایان خەوت>، ئەم ڕستەیە لە دوو فرێز پێکهاتووە، فرێزی ناویی(ئایان)، کە جێکەوتەی بەشە بکەرییەکەیە و فرێزی کرداریی (خەوت Ø)، کە جێکەوتەی بەشەکرداریەکەیە، کەواتە ئەم ڕستەیە لە دوو جێکەوتەی سەرەکی پێکهاتووە. دروستەی هەریەکە لەم فرێزانە لە سەرەیەك ( head ) پێکهاتووە، کە مۆرفیمێکی سەربەخۆیە و سەر بە کەتیگۆرییە فەرهەنگییەکانن ( ناو، کردار، ئاوەڵناو، ......تد ). واتە سەرەی هەموو دروستەی فرێزێك پێویستە هەمان دانەی فەرهەنگی بێت، چونکە هەر پرۆژەیەك ( فرێزێك ) بەپێی سەرە ڕێزمانییەکەی ناودەنرێت و دەناسرێتەوە، سەرەی فرێزێکی ناوی ناوێکە و سەرەی فرێزێکی کرداریش کردارێکە و .....هتد ( Vivan Cook and Mark Newson, 2010: 136).

لێرەدا وا باشترە ئاماژە بە سەری فرێز و چەند تایبەتمەندییەکی بکەین:

**سەر_Head** : كاتیگۆرییە فەرهەنگییەکانی وەك: ناو، کردار، ئاوەڵناو، ....هتد، سەرن، لە هەموو فریزێکدا هەیە. بەمەش هەموو فریزێك ( ناوكییە_Endocentric )ە، لەوەی دابەش بوونی فرێزەکە گونجاوە لەگەڵ سەری فرێزەکە، وەکو < گوڵە جوانەکە >. پرۆسەی یەکگرتنی سەر و تەواوکەر بۆ پێکهێنانی فریز پێی دەوترێت لقکردنی کاتیگۆرییانە(١)(حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٩: ٨٢). ئێمە لە دۆزینەوەی سەری ڕێزمانیدا پێویستمان بە پێوەرێکی سینتاکسی و مۆرفۆلۆژی دەبێت. بە پێی ئەم پێوەرە دەکرێت ئەم تایبەتییانەی(٢)خوارەوە بۆ **(سەر)**ە دابنێین :

١- سەر پلەیێکی مۆرفۆسینتاکسی هەیە و هەڵگری نیشانەیێکی ڕێزمانییە، کە بۆ هەموو فرێزەکە دەگەڕێتەوە.

٢- سەر دەسەڵاتی بەسەر کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیەوە هەیە.

٣- سەر لە نیشانە ڕێزمانییەکانیدا(کەس و ژمارە) لە گەڵ شوێنکەوتووەکانی خۆی ڕێکدەکەوێت. بە واتایەکی تر، سەرەکان لەگەڵ کەرەستە شوێنکەوتووەکانی خۆیان لەسەر هەندێك یان گشت نیشانە ڕێزمانییەکانی هەمان سەر ڕێکدەکەون. (سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩:٣١)

٤- سەرەکان هەمیشە بەخورتین.

٥- سەر گرنگترین زانیاریی سیمانتیکیی لە فرێزەکەیدا هەڵگرتووە.

٦- پۆلەوشەکانی سەر، پۆلەوشەکانی تەواوی فرێزەکە دیاریدەکات.

٧- سەر هەمان دابەشبوونی فریزی هەیە، سەرە کۆی کەرەستە شوێنکەوتووەکانێتی.

٨- سەرەکان کەرەستە شوێنکەوتووەکانی فریز لە پۆلی وشەی تایبەت هەڵدەبژێرن.

٩- سەرەکان لەوانەیە پێویستیان بەوە هەبێت، کە کەرەستە شوێنکەوتووەکان لە دروستەی فریزی ناویدا لە دۆخێکی ڕێزمانی تایبەتدا بن.

١٠- لە فرێزدا دەتوانرێت کەرەستە لاوەکییەکان لابدرێن، بەبێ ئەوەی کار لە دروستە یان لە واتای فرێزەکە بکەن، بەڵام سەری فریز لانادرێت، ئەگەر لاشبدرێت، ئەوا لە دروستەی ژێرەوەدا بوونی دەمێنێت، بە هۆی ئەوەی سەر ڕەگەزێکی بەخورتییە، بەڵام کەرەستەکانی تر سەرپشکیین، چونکە زیادکردنی ئەم کەرەستە سەرپشکییانە زیاتر بۆ ڕوونکردنەوەی واتای سەری فرێزە.

یاساکانی دروستەی فرێز(٣) ئاشکرای دەکەن، کە چۆن ڕستەکان لە فرێزەکان و فرێزەکان لە وشە و مۆرفیمەکان بەرهەمدەهێنرێن، لەڕاستیدا دروستەی فرێز بە یاسای بنەڕەتی دانراوە، کە بنەڕەتیی دروستەی ڕستەی پێ پەسندەکرێت. بەڵام گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە فرێز لە (سەر)ە و (دیارخەر) پێکدێن، دەشێت هەندێکجار تەنیا لە (سەر) پێکبێت، کە بریتییە لەو دانەیەی فرێزەکەی لەسەر سەنتەرە. جۆرەکانی فریز بە گشتی بریتیین(سەرچاوەی پێشوو:٢٠) لە :

S -¥ ⟵ VP + NP

NP -µ ⟵ S + N + D

VP -∂ ⟵ ..... + dA Î Þ╠╡ ╓Á+ { A ÆS ÆNP } + V

pd Î Þ╠╡ ╓Á-∑ ⟵ .{dA ÆP ÆNP }

PP -Γ ⟵ NP + P

S -π ⟵ ň ╓ő╓Ù╙ű Ž €Ť╫ý╤ţ + ...... + S + €Ť╫ý╤ţ

S + ň ╓ő╓Ù╙ű Ž

هەرگیـز ڕسـتەیەكمان نیـیە بە بـێ بـوونی فرێـزی نـاویی و فرێـزی كرداریـی، بەڵام دەگونجێـت ڕسـتە هەبێـت جۆرەكـانی تـری فرێـزی تیـادا نەبێـت، كەواتە دیـارترین جـۆری فرێـز، كە لەم تـوێژینەوەیە باسـی بكەیـن، (فرێـزی نـاویی و فرێـزی كرداریـی) یە، بەڵام پـێش ئەوەی بـاس لەو دوو جـۆرەی فرێـز بكەیـن، گـرنگە ئامـاژە بەوە بـدەین، كە گشـت جۆرەكـانی فرێـز بە پـرۆژە ناوەنـدییەكان(٤) هەژمـاردەكرێن، كە لە سـنوری ڕێسـای پرۆژەسـازداندا بەرهەمـدەهێنرێن، گشـت جۆرەكـانی فرێـز بە پێـی چـۆنیەتی دەربڕین/گـۆكردن و ئەدگارەكـانی سـەرە ڕێزمـانییە حوكمكەرەكەیـان، فرێـزی (فەرهەنگیـی، ئەركیـی، هەڵواسـراو) دەگـرنەوە، كە بنەماكەیـان لە بنەڕەتـدا، كەتیگـۆڕییە فەرهەنگییەكـان X˚ ن، هەریەك لەم كەتیگـۆڕییە فەرهەنگییـانە( ◦ N، ◦ V، P ◦، A ◦ ) سـەری فەرهەنگیـین، وێـڕای كەتیگـۆڕییە فەرهەنگییەكـان، پـرۆژەی دیارخەرەكـان D˚/ (/_ەكە/ ،/_ێك/ ،/_ەكـان/ ،/_ان/)یـش سـەر بە پـرۆژە ناوەنـدییەكانن، چـونكە پەیوەنـدییەكی دروسـتەیین و بە هـۆی دروسـتەكانەوە پەیوەنـدی دیـارخەر بە سـەرە ڕێزمـانییەكەوە دیاریـدەكرێن. كەواتە دروسـتەی گشـت فرێزەكـان جـگە لە دیارخەرەكـان، سـەرە ڕێزمانییەكەیـان خـاوەنی فـۆرمی سـەربەخۆی فەرهەنگیـین و بە سـەری فەرهەنگیـی دادەنـرێن. بە پێـی ئەو بۆچـوونەی، كە زۆرینـەی زمانەوانـان پێیگەیشـتوون، دیارخەرەكـانیش پرۆژەسـازدەرن و هاوشـێوەی توخمەكـانی سـەرەوە، بە سـەری ڕێزمـانیی دادەنـرێن، بەڵام دیارخەرەكـان پـرۆژەی فرێـزی ئەركیـی سـازدەكەن، نەك فرێزی فەرهەنگیی. وەكو:(گوڵەكە، كوڕەكە........تد).

**بەشی دووەم: جۆر و پۆلێنكردنی فرێز**

فرێـز جـۆری زۆرە، بۆچوونـەكانیش هەمبـەر جۆرەكـان جیـاوازن، توێژینـەوەكە پێیوایـە دیـارترین پۆلێنیـك بـۆ فرێـز بـەپێی مـۆدێلی x- ی تیـۆریی دەسـەڵات و بەسـتنەوەیە، كـە فرێز پۆلێن دەكات بۆ دوو جۆر:

یەكەم: فرێزی لێكسیكی، كە سەرەی فرێزەكانیان وشەی فەرهەنگین و بریتین لە:

١- فرێزی ناوی Np

٢- فرێزی كرداری Vp

٣- فرێزی ئاوەڵناویAp

٤- فرێزی بەندPP (سەباح رەشید قادر:٢٠٠٩: ٤٠)

دووەم: فرێزی ئەرکیی، کە سەرەی فرێزەکان وشەی ئەرکین(ئامراز، نیشانە) وبریتین لە :١- فرێزی دیارخەرییDp

٢- فرێزی پارستەییCp

٣- فرێزی لێکدانIp

لەمبەشەی توێژینەوەکەدا هەوڵدەدەین جۆرەکانی فرێزی ناویی، فرێزی کرداریی، فرێزی دیارخەریی، شیبکەینەوە.

**١-فرێزی ناویی Noun phrase**

فرێزی ناویی (NP) لە زمانی کوردیدا، لە ڕووی مۆرفۆلۆجییەوە ئاڵۆزە، لە سادەترین شێوەدا وەکو تاکە ناوێك دەردەکەوێت(سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩: ٤٨)،(صلاح حوێز رسول، ٢٠١٣: ١٧)، بۆ نموونە :

NP
|
N-
|
ýÍŘ¼ N

کەواتە بناغەی فرێزی ناویی ناوێکە، کە سەری واتاییەتی(عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠١٠: ١٤)، هەموو توخمێکی فەرهەنگیی، کە دێتە نواندنی سینتاکسیی بە هەموو زانیارییە گەنجکراوەکانی ناو توخمەکەوە دێتە سینتاکس و لە پرۆژە ناوەندییەکەدا پرۆژەی فرێز بەرهەمدەهێنێت، لە هەموو پرۆژەکانی فرێزیشدا پەیڕەوی وەچەتیۆری پۆلەرگەزدیاریکردن(٥)(Sub Categorization) دەکەن. بە پێی ئەو وەچەتیۆرە، سەرە ڕێزمانییەکان وەك (ڕەگی کردار، ناو، ئاوەڵناو، پێشناو و دیارخەر)ەکان لە فەرهەنگدا زانیاریی فەرهەنگیی ڕێزمانیی و واتاییان تێدایە و بەپێی ئەو زانیارییانەش نەخشەی دروستە سینتاکسییەکان دەکێشرێت. واتە هەر کەتیگۆرییەکی فەرهەنگیی بچێتە سینتاکسەوە، دەبێتە کەتیگۆرییەکی سینتاکسیی/ فرێز(سازان ظاهر سعيد, ٢٠٢٤: ١١٧).

دروستەی فرێزی ناویی ، لەڕێی سێ ئەرك ( سەر، دیاریخەر، دەرخەر )ەوە جیادەکرێتەوە(محەمەد عومەر عەول، ٢٠٠٨: ٦)،

ئەو فرێزەی لەو دروستەیەوە بەرهەمدێت، فرێزی خستنەپاڵن ( ئومێد بەرزان برزۆ، ٢٠٢٠: ٢٨)، واتە سەرەی فرێزە ناوییەکە بەهۆی مۆرفیمەکانی خستنەپاڵەوە کۆمەڵێك دیارخەری پاش سەرە وەردەگرن. دیارخەرەکانی پاش سەرە بریتین لەم کەرەستانەی لای خوارەوە:

**١-فرێزی ناویی**، بڕوانەی نموونەی (٢).

١-٢- باوکی پرژە هات.

مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٦ المجلد ١٦ / العدد ٣

ب- چرای ماڵەکەتان کوژایەوە.

پ- سیروانی برام ماڵئاوایی لە ژیان کردووە.

بەرهەمی دروستەکان لە نموونەکانی (٢- ا، ب، پ )دا، بە دروستەی خستنەپاڵی خاوەنداریتی(Possessive) (٦) ناودەبرێت، چونکە ئەو ناوانەی بە (ی) لێکدەدرێن پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا لەسەر بناغەی هەیە(Possessive)(٧)، بەڵام هەندێك ناو لە جۆری ناوی تایبەتیی شوێن و جێگا ( ناوی شار و شاخ و گوند و دێ و ....... )، کۆتایی دەگرن و دەبنە سەری رێزمانیی فرێزە ناوییەکە و بەپێی زانیارییە سینتاکسییە فەرهەنگییەکانیان پەیڕەوی دروستەی پۆلەرەگەزدیاریکردنی ( N ] + N ] ) دەکەن، بڕوانە هێڵکاری (١)(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ٢٠٢٤: ٢٠٢، ٢١٠).

هێڵکاری (١)




ئەگەر بڕوانینە هێڵکاری (١)، ناوەکانی ( گەرمیان، دهۆك ) تایبەتن بە شوێنێکی دیاریکراو و کۆتایی فرێزە ناوییەکانی ( زانکۆی گەرمیان، شاری دهۆك ) دەگرنەوە، هەروەها ناوەکانی (زانکۆ، شار) ناوێکی گشتین و دەبنە تەواوکەر. سەرە رێزمانییەکە ( گەرمیان، دهۆك ) لە رێی مۆرفیمی خستنەپاڵی /ی/ەوە دۆخ بە تەواوکەرەکەی دەدات. کەواتە دروستەکە پرۆسەیەکی ناونانە و ناوی دووهەم دەبێتە ناونان بۆ ناوی یەکەم و بەیەکەوە بوونەتە لێکسیمێکی سەربەخۆ ( هەمان سەرچاوەی پێشوو: ٢١٠ ).

**٢- فرێزی جێناوی**، بڕوانە نموونەی (٣).

٣- ا- جلەکانی تۆ زۆر جوانە.

ب- چاوی ئەو شینە.

لە دروستەی نموونەکانی(٣- ا ب)دا مۆرفیمی خاوەنداریی /ی/پەیوەندییەکی خاوەنداریی دەردەبڕێت، هەروەها لە زمانی کوردی و گشت زمانەکانی جیهاندا دۆخی رێزمانی بەتەنها لە لای چەپەوە بۆ لای ڕاست دەدرێت، تەنها پێشناو لە فرێزی ناویدا دۆخی رێزمانی لەلای ڕاستەوە بۆ لای چەپ دەبێت(محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ٥٤-٥٥).

**٣- فرێزی ئاوەڵناوی**، بڕوانە نموونەی (٤).

٤- ا- پزیشکێکی زیرەك دەناسم.
ب- پزیشکە زیرەکەکەم بینی.
پ- من پزیشکی زیرەك دەناسم.

ئاوەڵناویش وەك دەرخەرێکی ناو، بەبێ ناو هیچ گۆکردنێکی نییە. کەواتە ئاوەڵناو لەناو فرێزی ناوییدا ڕوودەدات، بەڵام لەسەر یاسای ڕیزبوونێکی سیمانتیکیی تەکنشینیی، پرۆژەکە دروستدەکەن، واتە پێویستە ئاوەڵناو بکرێتە دیارخەری ئەو ناوانەی لە ڕووی واتاییەوە نیشانەکانی لەگەڵی دەگونجێت.

**٤- فرێزی ڕادە(زۆر، کەم، .......)**، بڕوانە نموونەی (٥).

٥- ا– لە مانگی ڕەمەزاندا پارەی زۆر ببەخشن بە هەژاران.
ب- خەبات ئاوی زۆر ناخواتەوە.
پ- خواردنە زۆرەکە خورا.
ت- خواردنەکە زۆر کەم بوو.

**٥- ژمارە(پلەیی)**، بڕوانە نموونەی (٦).

٦- ا- خانوی دووەم ماڵی ئێمەیە.
ب-گەشتیاری یەکەم با بڕوات.
پ- خوێندکارە یەکەمەکە ڕۆیشتەوە.

**٦- فرێزی پێشبەندی**، بڕوانە نموونەی (٧).

٧- ا- کراسێك لە کراسەکانم بەو ئافرەتە هەژارە بەخشی.
ب- کتێبێك لە کتێبخانەکەم دیار نییە.

**٧-فرێزی ئاوەڵکرداری**، بڕوانە نموونەی (٨).

٨- ا- بەیانی زوو دەڕۆم.
ب- شەو درەنگ دەخەوم.
پ- پیاوەکەی تەنیشت ماڵمان چوو بۆ حەج.
ت- تەنکییەکەی سەربانتان کونبووە؟

سەرەی فرێزی ناوی بۆی هەیە لە ژمارەیەك زیاتر بێت و ئەویش بە یارمەتی مۆرفیمی تەککستنی/_و_/(٨) لە نێو خۆیدا لێکدەدرێت (کوردستان موکریانی، ٢٠٠٠: ٢٢ ) و فرێزی تەککخراو(٩) بەرهەمدێت. لە دروستەی فرێزی ناوییدا مۆرفیمی تەککستنی فەرهەنگی/_و_/سەرێکی پرۆژەسازدەرە، چونکە لە ناوەخنیدا زانیاریی فەرهەنگیی هەڵگیراوە، هەر بۆیە وەك وشەیەکی دەسەڵاتدار حوکمی پریکاتۆری هەیە و سەرەتا تەواوکەری لای ڕاست بۆ بەرهەمهێنانی دروستەی پریدیکات داوادەکات، پاشان پریدیکاتەکە _¯ Conj_ ، کە لە خستنەتەکیەکی سەر و تەواوکەر پێکهاتووە، تەواوکەری لای چەپ، کە تەواوکەرێکی سینتاکسییە، هەڵاوێردەکات(سازان ظاهر سعید, ٢٠٢٤: ١٤٦), کۆی ئەم پرۆسەیە : (١) لە لایەك مۆرفیمەکە وەك پریدیکاتۆر گۆدەکات، لە لایەکی ترەوە لەگەڵ تەواوکەرەکەیداو وەك بەشێك لە پریدیکات، بەیەکەوە دەبنە ئارگۆمێنت-داواکەری تەواوکەری دووەم. (٢)بەهۆی مۆرفیمی تەککستنی ˚ Conj ەوە، کە سەری ئەرکی

پرۆژەسازدەرە، دروستە بەرهەمهاتووە سینتاکسییەکە_پرۆژە گەورەکە_ لە جۆری Conj = دەبێت، بەوەش = Conj حوکمی کۆی پرۆژەکە دەکات/وەچەئاراستەی هەردوو تەواوکەرەکە دەکات(١٠). بڕوانە نموونەی (٩) و هێڵکاری (٢):

٩- <u>دییە و دیما</u>

هێڵکاری(٢)




ئاراستەی داواکردنی ئەم توخمە وەك لە هێڵکاریی(٢)دا دیارە، سەرەتا بەرەو لای ڕاست و پاشان بە ئاراستەی چەپ پێشکەشدەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی گشت سەرە ڕێزمانییەکانی ترە، کە سەرکۆتایین، چونکە ئەوانەی سەرکۆتایین، ئاراستەی داواکردنی سەرە ڕێزمانییەکانیان بۆ لای ڕاست پێشکەشدەکرێت، ئەمەش پێچەوانەی سەرسەرەتاکانن، کە بەرەو لای چەپ پێشکەشدەکرێت. گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت، هەبوونی ئەم ئاراستەی داواکردنە لە پرۆسەی خستنەتەکیەك بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە دیوێکی فەرهەنگیی و دیوێکی سینتاکسیی هەیە، بۆیە هەردوو ئاراستەکە بوونی دەبێت.

مۆرفیمی تەکخستن ° Conj دەتوانێت دوو فریزی ناوی سادەی فراوانکراویش لێکبدات وبەهەمان شێوە فریزێکی تەکخراو دروستبکات، بەشێوەیەك بەشداری لە ڕودانیی کردارەکە دەکەن، لەو کاتەدا پەیوەندی نێوان کەرتەکانی ئەم جۆرە فریزە دیارخەر و دیارخراو نییە، بەڵکو کەرتەکان خۆیان لە نێوان خۆیاندا دەسەڵات دابەشدەکەن، بڕوانە نموونەی(١٠).

١٠- دوو <u>سێوی شیرین و ئەم هەنارەم</u> خوارد.

## ٢- فریزی کرداریی Verb phrase

فریزی کرداری پێکهاتەیەکی بەخورتی و سەرەکی ڕستەیە و لە سادەترین دروستەیدا لە ڕەگ و کات و کەس ( ڕێکەوتن-Agr ) پێکدێت ( کاتێك کردارەکە تێنەپەڕ بێت )، کە واتایی وشەکە لە ڕەگی کردارەکە/کرداری فەرهەنگیی °V/ پریدیکاتور هەڵگیراوە.واتە لە کرداردا ڕەگ هەڵگری چەمکی ڕووداوەکەیە و هەموو زانیارییەکی سینتاکسیی و واتایی تیادا هەڵگیراوە،کەواتە دروستەی فریزی کرداریی،


Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2026 Volume :16 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پــرۆژەی ڕەگــی کردارەکانن(ئــارام ڕەشــید مەجیــد، ٢٠١٦: ٧٣)، (عەبــدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٢٤: ٢١٨)، بڕوانە نموونەی (١١).

١١- کەوتم سەرە ( کەو ) + کات (ت) + ڕێککەوتن ( م )

فرێــز بەرهەمــی ســەرو تەواوکەرە(جووتنوانــدنن)، پــێکەوە وەك ســێتێك پــرۆژەکە تەواودەکەن(تــریفە مــحەمەد فەرەج، ٢٠٢٤: ٧٧)، بەمەش فرێــزە کرداریيەکــان جــگە لە کــردارە تێنەپەڕەکــان پێــڕەوی سیســتەمی دووپەلکیــی بــۆ بەرهەمهێنــانی فرێــزی کرداریــی دەکەن. لێــرەدا دەتــوانین ئامــاژە بەوە بــدەین، کە کــردارە تێنەپەڕەکــان لە فەرهەنــگەوە تەواوکەریــان بــۆ دیــارینەکراوە و لە تــاکە وشــەیەکەوە بەرهەمهــاتوون، بــۆیە فرێــزەکە بەهەمــان فــۆرمەوە لە سینتاکســدا دەبــن بە فرێــزی کــرداری، واتە لە نوانــدنی سینتاکســـــیيدا لە فـــۆرمی تاکنواندنـــــدا دەنوێنرێـــــت، چـــونکە لە پۆلەڕەگەزدیاریکردنیــدا هــیچ توخمێــك هەڵاویــر ناکــات، هەروەهــا بەهەمــان دروســتەوە پێشــبینیی بەلێکســێمبوونیان دەکرێــت، بــڕوانە فرێــزی سینتاکســی V̄ ( تــرس، خەو ) لە سینتاکســـدا هەن و فـــۆرمە بە لێکسێمبووەکانیشـــیان بـــوونەتە دانەیەکـــی فەرهەنگیـــی. بــڕوانە یاســای (١) و هێڵکــاریی(٢). (عەبدولجــەبار مســتەفا مــەعروف"٢٠٢٤: ٢١٩) و (تریفە محەمەد فەرەج،٢٠٢٤: ٨٢) .

١-

VP ⟵ V̸ (V° + .....)   ( ..... ÆĘ ÁE ÆE Æȩő )

.Ûż őd ż Á

هێڵکاری(٢)




کــردارە تێپەڕەکــان جــۆرێکی تــری کــردارن، کە بــۆ بەرهەمێنــانی فرێــزی کرداریــی پەیــڕەوی یاســای دووپەلکــی ( فەرهەنگیــی ) دەکەن، بــڕوانە یاســای(٢) و هێڵکــاریی (٣).

٢-

(V + NP⁄DP)⁄(V ◦ + Y) ⟵ VP(ÁÛFŽ ÁĚ ⌂Ħ’ ÁĒĚŽ ÁĒĦÞ ....)

.Û|¾⌂Ħ’ø| ↨Γÿ ż ṗÁ

هێڵكارى(٣)




جــگە لەو كــردارانەى ســەرەوە هەنــدێك كــردارى دارِێژراوەمــان هەيە، كە فــۆرمى مۆرفۆلۆژييــان ناســادەيە وبەهــۆى پێشــناوە فەرهەنگييەكــانى(پێ، تــێ، لــێ)ەوە كــردارە هەڵگوێزراوەكــانى(Derivational verb)(١١) زمــانى كــوردى گۆدەكــات، كە وەك كردارێكــى بەلێكســێمبووى نــوێ دەچــنە فەرهەنــگەوەو لە پرۆســەى بەسينتاكســبووندا دروســتەيەكى جيــاواز لە كــردارە يەك لێكســێمەكە بەرهەمــدێنن، لەگەڵ پەيكــاڵى ئەوەش بــــووەتە گــــۆرِينى برشــــتى(١٢) كــــردارەكە و لەلايەكــــى تريشــــەوە پــــۆلەرِەگەزە داواكــراوەكەش دەگۆرِێــت، بــۆ نمــونە كردارەكــانى وەكــو (زان، گەيــش)، لێــرەدا بــۆ دروســتەى فرێــزە كردارييەكانيــان، بەپێــى پەيوەنــدييەكى هەرِەمەكيــى دەنــوێنرێن، رِەگــى كــــردارى پێــــزانيين⁄پــــۆلەرِەگەزێكى سينتاكســــيى وەك (PP) بــــۆ خــــۆى ديارِيــــدەكات، بــــرِوانە ياســــاى(٣) و هێڵكــــاريى (٤)، كەچيــــێ⁄زانيين⁄(NP) يەك دەستنيشــــاندەكات و ياساى(٢) دەيگرێتەوە. (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف"٢٠٢٤: ٢٢١)

٣-

V + PP ⟵ V Ůţ ṗ̀ ⌐Ù€ŰĨź Ţŭ̊ÈÞø|.

هێڵكاريى(٤)




هەنـدێك كـردارى ترمـان هەیە وەكـو/لێكردن/و /تێخستن/ كە لەڕووى فـۆرمەوە لە كردارەكـانى سـەرەوە دەچـن، بەڵام لەڕووى سینتاكسـەوە جیاوازن و زانیـاریى سینتاكسیى جیاوازیان تێدا هەڵگیراوە، لە هێلكاریى(١٧)دا پەیوەندیى هەرمیـى نێوان تەواوكەرەكـان (سـەرو پـۆلەرەگەزە خورتییەكـان) ئەوە دەردەخـات، كە دروسـتەى ئەو جـۆرە كـردارانە جـگە لە (PP )یەكە تەواوكەرێكـى تریشـیان پێویسـتە، واتە بە دوو تەواوكەر پـرۆژەكە تێـر دەكەن، بـڕوانە یاسـاى(٤) ، وەك لە نموونەكانـدا جـۆرى فرێزەكان دەخرێتەڕوو. (سەرچاوەى پێشوو)

٤- V + ( N ، PP ) ا- بڕوا ژنەكەی لە مێردەكەی كرد.

P⁻ D⁻

ب- * بڕوا لە مێردەكەی ژنەكەی كرد.

پ- شكۆ سێوەكەی خستە حەوزەكەوە.

P⁻ D⁻

ت- ؟ شكۆ سێوەكەی لە حەوزەكە خست.

گرنگیی فرێزى كردارى لەوەدایە، كە بەخورتییە و ناتوانرێت لابرێت لە ڕستەدا، بە پێچەوانەى فرێزى ناویی، كە دەكرێت لە دروستەى ڕوكەشدا دەرنەبڕدرێت، ڕستە لە زمانى كوردیدا هەرگیز بەبێ فرێزى كردارى دروستنابێت، بڕوانە نموونەى (١٢).

١٢- ا- كانى كەوت.

ب- pro كەوت Ø .

پ- * كانى ......

ئەنجامەكان

١- فرێز وەك پێکهاتەیەکی سینتاکسی چەندین جۆری هەیە، ئەو فرەجۆرییە سەرچاوەی گرفتی فرێزە لە زمانەوانی کوردیدا، بەتایبەتی پەیوەست بە جۆرەکانی فرێزی ئاوەڵناوی، فرێزە ئاوەلکاری، فرێزی جێناوی.

٢- فرێزی ناویی و فرێزی کرداریی، دووجۆری سەرەکی فرێزن، دووبەشی بەخورتی ڕستەن و بوونیان لە دروستەی ڕستەدا بەخورتییە، فرێزی کرداریی کە بەشەکردار(پریدیکات) پێکدێنێت، پەسنی بکەری ڕستەکە دەکات و زانیاری پەیوەست بە بکەر دەخاتەروو.

٣- پێکهاتەی فرێز سەرە و جیکەوتەکانن، سەرەی فرێز بناغەی فرێز پێکدێنێت و جێکەوتەکان پیویستییەکانی سەرەن و دەکەونە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی سەرەوە، واتە سەرە حوکمی جیکەوتەکان دەکات.

٤- جێکەوتەکان پۆلە فەرهەنگییەکانن، کە سەرەکان تەواو دەکەن، جۆری جێکەوتەکان لەلایەن سەرەکانە هەڵدەبژێردرێن و هەمیشە دەبنە تەواوکەر ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بۆ سەرەکان.

٥- جۆری فرێز ئاماژە بە سەرەی فرێزەکە دەکات، وەك سەرەی فریزی ناویی، ناوە، سەرەی فرێزی کرداریی کردارە و، سەرەی فرێی بەندیش ئامرازەکانن.

پەراوێز:

١. زاراوەی (وەچە کاتیگۆریی-دیاریکردن، پۆلکردنی پاژیی) بۆ بەکارهاتووە(حاتەم وليا محەمەد، ٢٠٠٩: ٨٢).

٢. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩: ٣١)، (ئارام ڕەشید مجید، ٢٠١٦: ١٢-١٣) . (ئومێد بەرزان برزۆ،٢٠٢٠: ١٧-١٨)، (ئومێد بەرزان برزۆ، ٢٠١٠: ٣١).

٣. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر یاساکانی دروستەی فرێز بڕوانە: (محەمەدی مەحوی، ٢٠٠٤: ٣٥)، (محمد مەحوی و نەرمین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٣٤-٣٧)، (شیلان عومەر حسەین، ٢٠١١: ٢٩) (سیروان سمین ئەحمەد، ٢٠١٥: ٩٤)، (تانيا اسماعيل حمەامين، ٢٠٢٤: ٦٢).

٤. بۆ زانیاری زیاتر لە سەر پرۆژە ناوەندییەکانV̄ فرێزی هەمەجۆر بروانە(سازان ظاهر سعيد، ٢٠٢٤: ١١١-٢٢٠).

٥. پۆلەرگەزدیاریکردن: پرۆسەیەکە تێیدا پێویستیی خورتیی سەری ڕێزمانیی/ئارگومێنت-داواکەرێك بۆ وەرگرتنی پۆلەرگەزە تەواوکەرەکانی دەردەخرێت و دیاریدەکرێت.(عەبدولجەبار مستەفا مەعرووف، ٢٠٢٤: ٢٠٠).

٦. بۆ زانیاری لە بارەی مۆرفیمی خاوەنداریتی و خستنەپاڵی (ی)، بڕوانە: (محەمەدی مەحویی، ٢٠٠١: ٥٢-٥٦)، (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ١٤٢-١٤٧)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠١٠: ٤٥-٥٨).

٧. (وریا عومەر ئەمین، ٢٠٠٩: ٢٠٢)، /ی/ بە مۆرفیمی هەیی دادەنێت، ڕەنگە لە فرێزی خستنەپاڵدا بە واتایی هەیی بێت، بەڵام ئەگەر زۆر

بەوردی سەرنج لە مۆرفیمی /ی/بدەین، دەبینین بەشدارییەکی فراوانی لە دروستەکانی خستنەپاڵی ناویی و ئاوەڵناویی و دەستەواژیلە هەیە.

٨. ا-مۆرفیمی تەکخستن، کەتیگۆرییەکە هاوشێوەی دیارخەرەکان، سەری ئەرکیین و بۆ پێکەوەبەستن و خستنەتەکیەکی دوو دەربڕاو، یان زیاتر بەکاردێن(سازان ظاهر سعید، ٢٠٢٤: ١٤٢). ئەم مۆرفیمە بۆ دوو جۆر پۆلێندەکرێت:

١-مۆرفیمی تەکخستنی فەرهەنگیی Conj ∘.

٢-مۆرفیمی تەکخستنی سینتاکسیی‾Conj.

ب-بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مۆرفیمی تەکخستن Conj بڕوانە: (محەمەد مەحوی و نەرمیین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٥٢-٦١)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٠٩: ٦٤-٦٨)، (سازان ظاهر سعید، ٢٠٢٤: ١٤٢-١٤٩).

٩. فریزی تەکخراو: خستنەتەکیەکی گشت ئەو فریزانەیە، کە لە هەمان کەتیگۆرییەوە هەڵگوێزراون (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٠٩: ٦٧)، واتە لەمجۆرە فریزەدا تەنیا ئەو وەچەپێکهاتە و کەتەگۆرییە سینتاکسییانە دەخرێنەتەکیەك، کە وەك یەکن (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠١٠: ٨١-٨٢).

١٠. هەرچەندە(عەبدلجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠١٠: ٨٢) و (ئومێد بەرزان برزۆ، ٢٠٢٠: ٣٢)، پێیان وایە مۆرفیمی Conĵ هیچ دۆخێکی ڕێزمانی بەلای چەپ یان بەلای ڕاستدا نادات و تەنیا ڕۆڵی خستنەتەکیەکی فریزەکان دەبینێت.

١١. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر کردارە هەڵگوێزراوەکان بڕوانە (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٢٠: ٦٠-٦٦).

١٢. بۆ زانیاری زیاتر لەسەر بەبڕشتیی کردنی کردار بڕوانە(ئارام ڕەشید مەجید، ٢٠١٦: ٧٥-٨٠).

١٣. ا-مۆرفیمی تەکخستن، کەتیگۆرییەکە هاوشێوەی دیارخەرەکان، سەری ئەرکیین و بۆ پێکەوەبەستن و خستنەتەکیەکی دوو دەربڕاو، یان زیاتر بەکاردێن(سازان ظاهر سعید، ٢٠٢٤: ١٤٢). ئەم مۆرفیمە بۆ دوو جۆر پۆلێندەکرێت:

١-مۆرفیمی تەکخستنی فەرهەنگیی ∘ Conj.

٢-مۆرفیمی تەکخستنی سینتاکسیی‾Conj.

ب-بۆ زانیاری زیاتر لەسەر مۆرفیمی تەکخستن Conj بڕوانە: (محەمەد مەحوی و نەرمیین عومەر ئەحمەد، ٢٠٠٤: ٥٢-٦١)، (عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٠٩: ٦٤-٦٨)، (سازان ظاهر سعید، ٢٠٢٤: ١٤٢-١٤٩).

سەرچاوەکان:

١. ئارام ڕەشید مەجید، ٢٠١٦، دروستەی کرداری فەرهەنگیی لە فریزی کردارییدا، ماجستێر، سکوڵی زمان/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.
٢. ئومێد بەرزان برزۆ، ٢٠١٠، مۆرفۆسینتاکس و دروستەکانی لە شێوەزاری خانەقیدا، دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
٣. ____________، ٢٠٢٠، دروستەی فریز و ڕستە لە زمانی کوردیدا، چاپی سێیەم، چاپخانەی جنگل- تاران- ئێران.
٤. تانیا اسماعیل حمەامین، ٢٠٢٤، دەوروبەر لە ڕۆنان و واتای ڕستە لە زمانی کوردیدا، دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانیی.
٥. تریفە محەمەد فەرەج، ٢٠٢٤، مۆدیلی بەرهەمهێنانی مۆرفۆسینتاکیی لە زمانی کوردییدا، دکتۆرا، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان.
٦. تۆفیق وەهبی، ١٩٢٩، دەستووری زمانی کوردی، جزمی یەکەم، الطباعة الحدیثة, بەغدا.
٧. حاتەم ولیا محەمەد، ٢٠٠٩، پەیوەندییە ڕۆنانییەکانی نواندنە سینتاکسییەکان، چاپی یەکەم، چاپخانەی خانی (دهۆك).
٨. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی، ٢٠١٣، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.
٩. سازان ظاهر سعید (٢٠٢٤)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا،چاپی دووەم، چاپخانەی پاندا، سلێمانی.
١٠. سیروان سمین ئەحمەد، ٢٠١٥، دروستەی سینتاکسی لە شێوە ئاخاوتنی ناوچەی کەرکوکدا، ماجستێر، سکوڵی زمان/ فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانیی.
١١. سەباح ڕەشید قادر، ٢٠٠٩، هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەڵات و بەستنەوە ( GB ) لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی حاجی هاشم-هەولێر.
١٢. شیلان عومەر حسەین، ٢٠١١ ، پەیوەندیی سینتاکس و سیمانتیك لە ڕێزمانی کوردیدا ،تێزی دکتورا ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی.
١٣. صلاح حوێز رسول، ٢٠١٣، پرەنسیپی ئابوریکردن لە زمانی کوردیدا، لە ڕوانگەی تیۆری دەسەڵات و بەستنەوە و بچوکترین پرۆگرامدا، دکتۆرا، کۆلیجی زمان، زانکۆی کۆیە.
١٤. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف، ٢٠٠٩، دروستەی ڕستەی ئاڵۆز لە زمانی کوردییدا، دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.
١٥. ____________، ٢٠١٠، دروستەی فریز لە زمانی کوردیدا ، مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، سلێمانی.
١٦. ____________، ٢٠٢٠، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی سارا.
١٧. ____________، ٢٠٢٤، لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگ و سینتاکسی کوردیی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا.

١٨. كوردستان موكريانى، ٢٠٠٠، سينتاكسى ڕستەى كوردى، چاپى يەكەم، چاپخانەى وەزارەتى پەروەردە، هەولێر.
١٩. محەمەد عومەر عەول، ٢٠٠٨، كردەى تەواوكردن لە كرمانجيى خوارووودا، دكتۆرا، كۆلێژى زمان، زانكۆى سلێمانى.
٢٠. محەمەد مەحوى و نەرمين عومەر ئەحمەد، (٢٠٠٤)، مۆدێلى ڕێزمانى كورديى، چاپخانەى ژير، شارەوانيى سلێمانى.
٢١. محەمەدى مەحويى، ٢٠٠١، ڕستەسازيى كورديى، زانكۆى سلێمانى.
٢٢. نەسرين فەخرى، ٢٠٠٢، ڕستە و چمكى ڕستە بە گشتى و تايبەتمەنديیەكانى لە زمانى كورديدا،بەغدا.
٢٣. وريا عومەر ئەمين، ٢٠٠٩، ئاسۆيەكى ترى زمانەوانى، بەرگى يەكەم، چاپى دووەم، دەزگاى چاپ و بڵاوكردنەوەى ئاراس،شەقامى گوڵان، هەولێر.

24. David Crystal, ( 2008 ), A dictionary of Lynguistics and phonetics ,sixth edition ,Black well :Oxford.
25. Vivian Cook and Mark Newson, (2010), Chomsky's Universal Grammar, An Introduction, second edition, Blackwell, Publishers.

Sources:

1. Aram Rashid Majid, 2016, The Correctness of Cultural Action in Practical Phrase, M.Sc., School of Language/Faculty of Humanities, Sulaimani University.
2. Omid Barzan Barzo, 2010, Morphosyntax and its correctness in Khanaqi dialect, Ph.D., College of Language, Sulaimani University.
3. ,٢٠٢٠ ,_____________Phrase and Sentence Correction in Kurdish, Third Edition, Jungle Printing House, Tehran, Iran.
4. Tanya Ismail Hama Amin, 2024, Environment in Ronan and Sentence Meaning in Kurdish, Ph.D., College of Language, Sulaimani University.
5. Trifa Mohammed Faraj, 2024, Morphosyntactic Production Model in Kurdish, Ph.D., College of Education, Garmian University.
6. Tofiq Wahbi, 1929, Kurdish Language Constitution, Volume 1, Al-Taba'a Al-Haditha, Baghdad.

7. Hatem Walia Mohammed, 2009, Luminous Relationships of Syntactic Representations, First Edition, Khani Printing House (Duhok.(
8. Sajida Abdullah Farhadi, 2013, Some Aspects of Kurdish Syntax, Haji Hashim Printing House, Erbil.
9. Sazan Zahir Saeed (2024), Syntactic Representation in Kurdish Language, Second Edition, Panda Printing House, Sulaimani.
10. Sirwan Samin Ahmad, 2015, Syntactic Correction in Kirkuk Regional Speech, M.Sc., School of Language/Faculty of Humanities, Sulaimani University.
11. Sabah Rashid Qadir, 2009, Some Aspects of Grammar of Power and Connection (GB) in Kurdish, Haji Hashim Printing House, Erbil.
12. Shilan Omar Hussein, 2011, Relationship between Syntax and Semantics in Kurdish Grammar, PhD Thesis, College of Language, Sulaimani University.
13. Salah Hawez Rasul, 2013, Principles of Economicization in Kurdish Language, in the Perspective of Power and Connection Theory and the Smallest Program, Ph.D., College of Language, Koya University.
14. Abduljabar Mustafa Ma'roof, 2009, Correction of Complex Sentence in Kurdish Language, Ph.D., College of Language, Sulaimani University.
15. ,٢٠١٠ ,__________________Phrase Correction in Kurdish Language, Kurdology Center, Sulaimani.
16. ,٢٠٢٠ ,__________________Research on Kurdish Dictionary and Syntax, Volume 1, First Edition, Sara Printing House.
17. ,٢٠٢٤ ,__________________Research on Kurdish Dictionary and Syntax, Volume II, First Edition, Chawarchra Printing House.
18. Kurdistan Mukriani, 2000, Kurdish Sentence Syntax, First Edition, Ministry of Education Printing House, Erbil.

19. Mohammed Omar Awl, 2008, Completion Verb in Lower Kurdish, Ph.D., College of Language, Sulaimani University.
20. Mohammed Mahwi and Narmin Omar Ahmad, (2004), Kurdish Grammar Model, Zhir Printing House, Sulaimani Municipality.
21. Mohammed Mahwi, 2001, Kurdish Syntax, University of Sulaimani.
22. Nasrin Fakhri, 2002, Sentence and the concept of sentence in general and its characteristics in Kurdish, Baghdad.
23. Warya Omar Amin, 2009, Asoyeki Ti Zamanawani, Volume 1, Second Edition, Aras Publishing House, Gulan Street, Erbil.
26. David Crystal, ( 2008 ), A dictionary of Lynguistics and phonetics ,sixth edition ,Black well :Oxford.
27. 25. Vivian Cook and Mark Newson, (2010), Chomsky's Universal Grammar, An Introduction, second edition, Blackwell, Publishers.